

# بۆ ئەوەی خۆشەویست بیت خۆشەویستی بکە

سیروان چۆمانی
Serwan_chomani٢٠٠٠@yahoo.com

مەبەست لەخۆشەویستی بریتیە لەو پەیوەندیەی کەدوو کەس بەیەکەوە گرێ دەدا بەبێ ئەوەی هیچ مەبەستێکی جەستەیی لەخۆ گرتبێت، کەئێمە لەگفتوگۆی رۆژانەماندا وشەی(خۆشەویستی)بۆ گوزارشت لە پەیوەندیە جیاوازەکانی وەك: پەیوەندی نێوان ژنومێرد یان باوكو منداڵ یان منداڵو دایك یان مرۆڤو ئەو دامەزراوەی کەکاری تێدا دەکات بەکار دەهێنین.

خۆشەویستی لەبەرزبونەوە لەپلەکانی خوار زیندەوەرییەوە بۆ پلەی زیندەوەری، کەخۆشەویستی چارەنوسێکی هەیە ناکرێت بەرنگاری ببینەوە هێندە بەهێزە پاڵ بەهەردوو عاشقەکەوە دەنێت تا هەر یەکەیان بچێتە ئامێزی ئەوی تریانەوە جا ئەگەر عاشق بەنیوەکەی تری گەیشتو یەکی گرت لەگەڵیدا ئەوا هەست بە هاوڕێیەتیو نزیك بوونەوەو خۆشەویستی دەکاتو تەنانەت ئەگەر بۆماوەیەکی زۆر کورتیش بێت نایەوێت لێی جیاببێتەوە. خۆشەویستی ئەویش لەسەر بنەمای جێگای خۆشەویستی لەجەستەدا بێت یان لەرۆحدا خۆئەگەر خۆشەویستی پەیوەست بێت بەجەستەوە، ئەوا لەنزمترین پلەو ئاستیدایە، بەڵام ئەگەر بەرۆحەوە پەیوەست بوو ئەوا راستگۆیەو خاوەنەکەی دەگەیەنێتە رادەی ئاسوودەیی راستەقینە. خۆشەویستی هەر لەسەرەتای ژیانەوە کاری خۆی کردووە وەك غەریزەی ژیان لەبەرامبەر غەریزەی مەرگدا. کاتێك تێرکردن یان رازی کردن یان هێنانەدی ئاسوودەی کەسێکتر، دەبێتە مەسەلەیەکی جەوهەری لەلای تاکە کەسێك، ئەو کاتە دەتوانین بلێین خۆشەویستی بوونی هەیە.

کەمرۆڤ لەرابردودا پەیوەندیەکی بەهێزی بەسروشتەوە هەبووەو خاوەنی ئازادیەکی تەواو بووە.ئینجا لەئاکامی دوور کەوتنەوە لەسروشت هەستی بەدابران کردوە لێی، ئەم دابرانەش هێزێکی وای تێدا دروست کردووە کە پالی پێوە بنێت بۆ زال بوون بەسەر هەستی دابرانو گۆشە گیریو کۆتایی بەو دڵە راوکێیە بهێنێت کەلە دووره پەرێزییەوە کەو تووەتەوە، بەم شێوەیە رەگو ریشەی خۆشەویستی لە زەرورەتی بونی ئەو پەیوەندییەدا شاراوەتەوە. ئەم ئەزموونی دابرانەی مرۆڤ لەسروشت هاندەرێکی مەزنە بۆ دروست کردنی پێوەندیەك بۆ چونە ناو یەکگرتنێکی تر لەگەڵ کەسێکی دیدا. خۆشەویستی گرنگیدانە بەئاسوودەیی تاکە کەسیو چەسپاندنو گەشەپێدانی ژیان لەلای کەسەکە، خۆشەویستی گوزارشت لە دابەزاندنو کەمکردنەوەی فشاری سێکسییانە ناکات، بەڵکو بریتیە لەو تێکەڵاو بونەی کەتێیدا ئارەزوەکان بەشێوەیەکی هەمبەری دێنە تێرکردن لەچوارچێوەی پەیوەندیەکدا کە هۆگریو خۆشەویستی باڵ دەکێشێت بەسەریدا . ئەوەی ئەمڕۆ لەشارستانیەتی هاوچەرخماندا باوە، بریتیە لە نمایش کردنو دەرخستنی خۆشەویستی، خۆشەویستیەکی نەخۆشو نادروست، ئەو گوزارشتەی کە زۆرباو و بڵاوە لەخۆشەویستی دەروون نەخۆشدا بریتییە لە ستەمو زۆرو زیاد رەوی لەخۆشەویستی داو کەسی دەرون نەخۆش لەحاڵەتێکدایە پێویستی بەخۆشەویستی هەیەو هەست بەوە دەکات کە بە تەواوەتی دڵتەنگو بێ هیوایە بەبێ پەرستن لەخۆشەویستی دا ناتوانێت بژیو هەردەم واهەست دەکات کە خۆشەویستی نییە، ئینجا لەبەر ئەوەی ئەم پێویستیە نائاراموّ دەروون نەخۆشی کەهەیەتی بەهیچ جۆرێك نایەتە تێر بوون مەگەر بەتوانەوەی تەواو لەپێناو کەسێکیتردا، ئەمەش مانای ئەوەیە کەفێرکردن دەبێتە فاکتەرێکی حەتمی لەخۆشەویستی دەروون نەخۆشدا، ئەو کەسە دەروون نەخۆشەی واهەست دەکات پێویستی بەخۆشەویستی هەیە بەرادەیەکی زۆر هەستیار دەبێتو بەبچوکترین ئاماژە ئەگەر نهێنیو شاراوەش بێت کاری تێدەکریو وای پیشان دەدات کەرەفز کردنی ئەو دەگەیەنێت. کاتێك کە خۆشەویست دەبیت گرنگی خۆشەویستی بەهایەکی باڵای هەیە بۆ کۆمەڵو یارمەتی بوكو زاوا دەدات کە لەسەرەتای هاوسەرێتیدا چاو پۆشی لەهەوڵی خۆ گونجاندندان لەگەڵ باروزروفە نوێیەکەدا بەتایبەتی لەگەڵ هەڵەو کەمو کورتییەکاندا.

هەڵوێستی کۆمەڵگاکان لەبارەی خۆشەویستییەوە جیاوازیان تێدا بەدی دەکرێت کەدەگونجێت لێرەدا بۆ مەبەستی روون کردنەوە بەراستە هێلێك باشتر بەیانی بکەین، ئەو کۆمەڵگایانە دابنێین کە باوڕیان بەخۆشەویستی سۆزداری نییەو ئەو خۆشەویستیە هیچ

ڕۆلێك لەهەڵبژاردنی ژن‌و مێرددا ناگێرێت، وەك چینە باڵاكانی كۆمەڵگای چینی لە ڕۆژانی فەرمانڕەوایی (مانشۆ) گشت فەرمانڕەواكانی پێش (مانشۆ)دا، كە پێیان وابووە خۆشەویستی خۆی لەخۆیدا كێشەو كارەساتەو نەخشەو پلانەكانی سەرانی خێزان‌و خێڵەكان لەهەردوو خێزانەكەدا (خێزانی كچ‌و خێزانی كوڕ) شكستی پێ دەهێنێت‌و بەلایانەوە خۆشەویستی شایانی باس نییەو وەكو بابەتێك نایەتە هەژمار كردن.

ڕەنگە كۆمەڵگای هیندی بكەوێتە ناوەراستی هێڵەكەوە، چونكە بەلایانەوە پێوەندی نمونەیی لەوكاتانەدایە كە خۆشەویستی لەقۆناغی دەسگیرانی‌و هاوسەرێتیدا سەرهەڵدەدات‌و دروست دەبێت، زۆربەی توێژینەوەكان لەسەر خۆشەویستی سۆزداری دەرئەنجامی دژ بەبیرو باوەڕە باوەكانیان خستووەتە ڕوو، یەكێك لەو بیرو باوەڕانە ئەوەیە كە دەلێت كچان چەندین جارو بەشێوەیەكی قووڵتر لە كوڕان دووچاری خۆشەویستی دەبن ئەم بۆچوونە ڕۆتینییە، ڕەنگە لەو خاڵەوە سەرچاوەی گرتبێت كە پێمان وایە ڕەگەزی مێ عاتیفەی لە ڕەگەزی نێر زیاترە، گەلێك لە توێژینەوەكان دەریانخستووە كە بەشێوەیەكی گشتی كوڕان لەكچان عاتیفەترن‌و ڕەنگە لەكاتێكی زووتردا لەبازنەی پەیوەندییان لەگەڵ كچان دوچاری خۆشەویستی ببن، ئەوەی لێرە گرنگە گەردوون سنووری خۆی هەیە، بەڵام خۆشە ویستی لەو سنوورەش زیاتر تێپەڕە كە كات‌و سنووری خۆی نازانێ، زۆر جاریش هەر لەسەرەتای پێگەیشتنمانەوە لەكاتی هەرزەكاری، خۆشەویستی بەشێك لەژیانی ڕۆژانەمان داگیردەكات‌و بەسەر بیركردنەوەو كارو ژیانمان كاریگەریەكی زۆری دەبێت، چ لەرووی باری دەرونی و یان لە هاوسەنگی جەستەیی‌و فیكری‌و دەرونیەوە، زۆر كەس كاتێك لەپەیوەندییەكی خۆشەویستیدا ئەژی، هەرگیز ناتوانێ ئەو عەشقە لەلای خۆی و لە دڵی خۆی بهێڵێتەوە، بۆیە هەر چەندە هەوڵی شاردنەوەی بدات بەلایەنی كەمەوە هەر دەبێت لەلای كەسێكی نزیكی خۆی یان هاوڕێیەكی خۆی باس بكات‌و لەو باسكردنە جۆرێك لەچێژو خۆشی پێ دەبەخشێ، وەدەكرێت هەر باسی نەكات، لەلایەكی تریشەوە دڵ و دەرونی عاشق ئەتوانێت وەك وێنەگرێكی ڕۆحی هەموو ئەو یادو یادگاریانە لەلای خۆی تۆمار بكات.

دڵسۆزی و وەفایی لەخۆشەویستی ئەوەیە كەبەگشتی وا هەست ئەكەین و ئەبینین وەفاو دڵسۆزی نەماوەو خۆشەویستان‌و هاوسەران لەچاو تروكانێكا تەخت و تاری مەملەكەتی پەیوەندی و عەشق و ئەوین و هاوسەرێتیان وێران ئەبێت. ئەم دیاردەیەش ڕۆژبەرۆژ زیاد ئەكات، ئەوەتا لەوڵاتانی ئەوروپاو بگرە لەكۆمەڵگەی



خۆشماندا بەهەمان شێوە ئەبینین كوڕان‌و كچان هەر خێراو لەماوەیەكی كەمدا دوای تێربوون‌و دامركانەوەی حەزەكانیان كۆتایی بەهەموو شتەكان ئەهێنن كە بەناوی عەشق‌و خۆشەویستیەوە بەرجەستە ئەبێت، جێی باسكردنە كە گەنجانی ئێمە لەمانای خۆشەویستی نازانن، بۆماوەیەكی نادیار عەشق دەكەن دواتر واز ئەهێنن‌و وادەزانن خۆشەویستی تەنها بۆتێركردنی حەزەكانەو بەس، نەخێر خۆشەویستی هەر ئەوەنییە بەڵكو خۆشەویستی ژیانەو ژیانیش بە خۆشەویستییەوە بەندە.

زۆرجاریش هەندێ كەس كەلە پەیوەندی خۆشەویستی یەكەمیدا سەركەوتنی بەدەست نەهێنا جارێكیتر خۆی لە خۆشەویستی نزیك ناكاتەوە، ئەویش بەپێی بۆچوونی خۆی، ئەگەرچی خۆشەویستی كۆتایی نایەت، بەڵام لەوانەیە لاواز بێت، كاتێك كەسێكمان خۆشویست نازانین بۆچی‌و هۆی چی بوو چۆن سەری هەڵدا، كەچی لەسەر هەڵبڕینێكا یان لەنیگایەكی بچوكەوە سەرەتای خۆشەویستیەكی گەورەو بەهێز دێتەكایەوە و دروست دەبێت، لەكۆتاییدا پێویستە خۆشەویست بین و خۆشەویستی بكەین.

سەرچاوە:لە سایكۆلۆژیای مرڤدا.